

Kurdish Sorani

# مافەکانی کرێکاران

## پاراستنی کرێکاران لە ڕێگای ئیجازەوە

GLA Gangmasters Licensing Authority


تەلەفون: +44 (0)845 602 5020
ماڵپەڕەی: www.gla.defra.gov.uk

# ئێمە چون دەتوانین یارمەتیدان بدەین

## GLA ڕێکخراوێکە بۆ ئەوەی کە لە هەڵە بەکار هێنانی کرێکاران بەرگیری بکات.

شێوەی "ئیجازەدانی" ئێمە بەو شێوەیە کە یاسا وە ڕێسا بۆ هەموو ئەو نوسینگا وە ئاژانسانە ڕێک بخات کە کرێکار ئەنێرن بۆ بۆاری بەرهەم هینانی نوێ.
ئەم شێوەو تەرحە دڵنیاتان دەکاتەوە کە ئەو پیشانەی کە کرێکار دابین دەکەن (ئاژانسەکان وە Gangmasters)، هەروەها ئەو پیشانەی کە پێویستیان بە کرێکار هەیە( کشتوکال، کارگاکانی بەستەبەندی کردن، دامەزراوەکان) بە شێوەی ستانداردی یاسایی بەڕێوە ببرێت.

### ئەم شێوەو تەرحە کام بەشانە لە خۆ دەگرێت؟

تەرحی ئیجازە بەشو پێشەی زۆر لەخۆ دەگرێت: کشتوکال، باخ داری، دارستان، دارستان سازی، بە خێو کردنی ماسی، کۆ کردنەوەی سەدف، بەرهەم هێنانی لەبەنیات، بەستەبەندی، یان دابین کردنی خۆراکیو خواردنەوە بییەکان.
بۆیە کەسێک کە کرێکار بۆ ئێوە دابین دەکا، بۆ ناردنی کرێکار بۆ هەر یەک لەم بەشانە پێویستی بە یێجازەی (Gangmasters) دەبێت.

# ئەرکو مافەکانی کاری ئێوە

یاسای بریتانیا لە مافی ئێوە وەکو کرێکارێک پشتیوانی دەکات.
هەندێ لە یاساکانی کرێکاری ئێوە زوو قابیلی جێ بە جێ کردنە وە هەندێکیتریان پەیوەندی بە ماوەی کار لە لایانی ئێوەوە هەیە. لە پەڕەکانی دواتر بنەما گشتیەکانی ئەومافانەی ئێوە دەتوانن لە خاوەن کار چاوەڕوان بکەن، باس دەکرێت. ئەمانە ئەرکو مافەکانی ئێوەیە.

## لایانی کەمی مووچەی(کرێ) نەتەوە یی
## National Minimum Wage

ئەگەر ئێوە لە کارێکی هەمیشەیی، کاتی، ماوە کورت یان بۆ ئاژانسێک کار دەکەن دەبێت لایانی کەمی کرێ نەتەوەیی وەرگرن. زوربەی کرێکارانی بواری کشتۆکال حەقی کرێ زیاتر لە کرێی نەتەوەیی هەیە. ئەگر کری بۆ کارێکی تایبەت بە ئەندازەی کارێ خۆتان وەردەگرن دیسان دەبێت لایانی کەمی کرێی نەتەوەیی وەرگرن. هەندێ جیاوازی شاز هەیە وەکو کاری ئازاد (کاری تایبەتی) وە کرێکاری خۆبەخش.

بۆ زانیاری زیاتر بۆ بەشی هێڵی یارمەتی کرێ وە حەقی کار، بە بەرانبەرتەلەفون بکەن، یان سەردانی وبسایتی ئێمە بکەن(پەرەی 12)

## کاتـژمێری کار کردن
ئێوه ناچار نین له حه‌فته‌یه‌کدا زیاتر له 48 کاتـژمێر کار بکه‌ن ته‌نانه‌ت به کاری زیاده‌شه‌وه، جگه‌له‌وه‌ی له سـه‌ر داوای خۆتان بوبێت. سـه‌رکرێکار ده‌بێت نووسـراوێکی فورمی لا بێت که ره‌زامه‌ندی ئێوه له سـه‌ر کاتژمێری کاری زیاده نیشـان بدات.

ئێوه مافی خۆتانه له‌لاینی که‌م له حه‌فته‌یکدا، رۆژێک مۆله‌ت وه‌رگرن وه ئه‌گه‌ر زیاتر له 6 کاتـژمێر له رۆژدا کار ده‌که‌ن ده‌بێت ماوه‌ێکی پشـۆ دانی 20 خۆله‌کیتان هه‌بێت.

## مۆله‌ت وه‌ر گرتنی سالانه
یاسا چه‌ند حه‌فته‌یێک پشـۆدان به کرێوه له سـال دا به مافی ئێوه ده‌زانێت که له رۆژی یه‌که‌می هاتنه‌سـه‌رکارتانه‌وه ده‌سـت پێ ده‌کات، ئه‌مه کرێکاری نیوه‌کات وه کاتیش ده‌گرێته‌وه.

بۆ زانیاری به به‌شـی هێڵی یارمه‌تی مووچه وه حه‌قی کار
به به‌رانبه‌رته‌له‌فون بکه‌ن یان سـه‌ردانی وبسـایتی ئێمه بکه‌ن.
www.direct.gov.uk

ورده‌کاری مۆله‌ت وه‌رگرتن وه پشـۆکانی ئێوه ده‌بێت له رێکه‌وتنامه‌ی دامه‌زراندن تان هه‌بێت. ئه‌مه له سـه‌ر بنه‌مای کاتژمێری کاری یاسـایی ئێوه له کاتێکدا بۆ خاوه‌ن کار کار ده‌که‌ن، ده‌بێ حیسـاب بکرێت وه به‌رانبه‌ر به کاری ئێوه بدرێت.

کاتێک کە واز لە کار کردن دێنن، هەر پشوٚ وە موٚڵەتێک کە تا ئێستا کەڵکتان لێ وەر نەگرتوە دەبێت لە بەرانبەردا پارەکەی بدرێتەوە بە ئێوە. ئەگر خاوەن کاری ئێوە ئیجازەی هیچ پشوٚ وە موٚلەتێکی پێ نەدان، یان پارەکەی تان وەر نەگرتوە، دەتوانن بە بەشی هێلی یارمەتی کرێ وە حەقی کار، یان لە گەڵ راوێژکاری هاوولاتیان پیوەندی بگرن بوٚ ئەوەی رێنمایی پێوست بوٚ داوا کاری وەگرتنی پارەکەتان وەربگرن.

## پسولەی مووچەی دیاری کراو (Payslip)

پسوٚلەیکی مووچە لە روٚژی پارە وەرگرتن بە ئێوە دەدرێت کە کوٚی گشتی پارەدان وە ئەو پارەی کە بوٚ مالەوەی دەبەنەوە نیشان دەدات. هەروەها لیستی پرە پارە وە مەبەستی هەر جوٚرەکەم کردنێ کە لە مووچەتان هەبو، دەبێت نیشان بدرێت.
هەر جوٚرە کەم کردنێ لە مووچەتان وەکو(ماڵیات وە بیمەی نەتەوەیی، Tax (National Insurance کە حەفتانە دەگوٚرێت، دەبێت لە سەر هەمو پسوٚلەکانی مووچەتان دا نیشان بدرێت.
ئێوە دەبێت مووچەی دیاریکراوی خوٚتان لە کاتی خوٚیدا وەربگرن، ئەمەش پارەی موٚلەت و پشوٚەکان وە حەقی نەخوٚشی لە خوٚ دەگرێت.

## کەم کردنەوەی پارە لە مووچە و حەق دەست

خاوەن کاری ئێوە تەنها لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا دەتوانێت لە موٚوچەو حەق دەستی ئێوە کەم بکات کە دەبێت لیستەکەی لە پسوٚلەی ئێوەدا هەبێت، ئەمە کەم کردنی پارە بوٚ بەشی یاسایی؛ وەکو ماڵیات، بەشداری بیمەی نەتەوەیی (Tax & National Insurance) وە ئەو کەم بوونانەش لە خوٚ دەگرێت کە لە کاتی دامەزراندن رەزامندیان لە سەر کراوە، یان ئەو کەم بونانەی کە بە ئیجازەی نووسراوەی خوٚتان لە سەری رێکەوتوون، وەکو کرێ شوێنی نیشتەجێبون وە پارەی هاتوچو.

هەر کەم کردنەوەیێک لە مووچەتان تەنانەت بە ئیجازەی پێشتری ئێوە ش بوبێت، نابێت حەقدەستی ئێوە بگەینێتە لایانی کەمی مووچەوە، جگەلە بڕرێکی دیاریکراو بۆ کرێ شوێنی نیشتەجێبون.
بۆ ڕێنمایی زیاتر پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی ماف وە مووچەی کار بکەن.

## پارێزگاری وە سەلامەتی

ئەو کەسەی کە ئێوە ی دامەزراندوە، بەرپرسیاڕێتی یاسایی هەیە کە لە شوێنی کاردا پاراستن وە سەلامەتی ئێوە دابین بکات. سەرکرێکار وە خاوەن کاری ئێوە دەبێت بگەنە ڕێکەوتنێک کە کامیان بەرپرسی پاراستن وە سەلامەتی ئێوە یە. دەبێت فێر کردن، زانیاری پێویست وە جلوبەرگی پارێزگاری گونجاو بۆتان دابین بکرێت.

## مووچەو کرێ لە کاتی نەخوشیدا (SPP)

لە پەیماننامەی دامەزراندنی ئێوەدا دەبێت پڕەی ئەو مووچەی کە بە هۆی نەخۆشیەوە نەتوانن لە سەرکاربن دیاری بکرێت کە چەندە، ئەگەر بۆ ماوەی چوار(4) ڕۆژ لە سەر یەک، یان زیاتر، نەچونە سەر کار دەتوانن لایانی کەمەوە ئەو پڕە پارەیە وەربگرن کە لە مووچەی نەخۆشیە وە لە لایان یاساوە دیاری کراوە، بەڵام لەوانەیە کە پەیماننامەی کاری ئێوە؛ لە مووچە، خزمەت وە قازانجی زیاتر سودمەندتان بکات.

## حالومەرجو ڕێسا وە بارودۆخی ئێوە

ئەمە ڕێکەوتنامەیکە کە لە نیوان ئێوە و ئەو کەسەی کاری بۆ دەکەن. لە ڕوانگەی یاساوە ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک دامەزراون دەبێت وردەکاری نووسراوەی حالومەرجو بارودۆخی خۆتان لا بێت.

پسوڵەی نووسراوی کارەکەتان لە دوای دوو(2) مانگ لە دەس بەکار بۆنتان وەردەگرن کە دەبێت زانیاری وە ئەم  پێناسانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت.

- ناوی ئێوە
- ناوی ئەو کەسەی کاری بۆ دەکەن
- جۆری ئەو کارەی دەیکەن
- رۆژی دەست بە کار بۆنتان
- شوێنی کارتان
- پرەی پارەو کاتی ئاسایی پارە وەرگرتن (مانگانە یان حەفتانە)
- کاتـژمێری کار کردن
- حەقی پشۆ
- حەقی مووچەی نەخۆشی
- ڕەواڵی ریکوپێکی، مۆلەتەکان، لەسەرکارلابردن، وە گەزەندەکان.
  ماوەی کاتی وە زانیاری پێشتر کە دەبێت لە کاتی واز هێنان لە کار دا بدرێت
- ئەو ماوە کاتیەی کە پێتان دەدرێت ئەگر لە سەر کار لابرێن یان دەرکرێن

دامەزرێنەری ئێوە تەنها بە ئیجازەی خۆتان دەتوانێت رێساو بارودۆخی پەیماننامەکەتان بگۆرێت

# یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی لە هەڵە بەکار هێنانی کرێکاران بەرگیری بکەین

ئێمە پێویستمان بە یارمەتی ئێوە یە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە ماف وە مووچەکانتان پارێزراوە، هەروەها حاڵوومەرج وە بارودۆخێک کە شایانی ئێوە یە پێتان درابێت.

- ئەگەر وا دەزانن کە عادلانە وە یاسایی هەلسوکەوتان لە گەل نەکراوە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بگرن وە بە ژمارە (0845 602 5020) تەلەفۆن بکەن بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ ئیمە قسە بکەن. هێڵی تەلەفونی ئیمە لە دوشەمە تا هەینی لە کاتژمێری 9 بەیانی تا 5 ئێوارە کراوەیە.
- بەم ناونیشانە دەتوانن ئیمەیل بۆ گرووپی زانیاری وە هەواڵی ئێمە بنێرن. intelligence@gla.gsi.gov.uk
- دەتوانن لە فورمەکانی راپۆرتی ئیمە، بە بێ ناو نیشانی خۆتان کە لە ماڵپەری (وبسایت www.gla.defra.gov.uk) بە چەندین زمانی جیاواز هەیە کەلک وەرگرن
- بەم ناونیشانە دەتوانن نامەمان بۆ بنێرن.
GLA, PO Box 10272, Nottingham, NG2 9PB

ئەگەر دەتانەوێت لە سەر ماف وە مووچەکانی دامەزراندنی خۆتان لە گەڵ راوێژکاری بە توانا قسە بکەن، دەتوانن بە نزیکترین ئیدارەی راوێژکاری هاوولاتیان پەیوەندی بگرن وە یارمەتی وە رێنمایی پێویست وەرگرن یان بە بەشی هێڵی یارمەتی مووچەو حەقی کار تەلەفون بکەن.

# بەرپرسیاریتیەکانی سەرکرێکاری ئێوە:

سەرکرێکاری ئێوە  دەبێت ڕەزامەندی و ئیجازەی (گانگماسترز Gangmasters) هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەشەکانی موقەڕەراتی وە پابەندی کراو بە شێوەی یاسایی کار بکات.
بۆ وەرگرتنی داواکاری بۆ ئیجازە، دەبێت سەر کرێکارەکان نیشان بدەن کە هەلگری حالومەرجی پێواری(ستاندارد) ئیجازەی ئێمەن. (پەرە 10 ببینن)

پێوارەکان وە ستانداردەکان لە لایان یاساوە بە پێویست دەزانرێت بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە کرێکاران لە بەرانبەر هەر هەڵسوکەوتێکی خراپ وە هەڵە بەکار هێنانی کرێکار.

سەرکرێکاران دەبێت ستانداردەکانی ئیجازە بە بەردەوامی بپارێزن بۆ ئەوەی ئیجازە کەیان لە دەست نەدەن.
ئەگەر ئێوە پەرۆشی ئەوەن کە سەرکرێکارەکەتان ستانداردەکانی ئیجازە جێ بەجێ ناکەن یان بە بێ ئیجازە کار دەکەن پەیوەندیمان پێوە بگرن.

ئەم بارودۆخە وە حاڵومەرجە تەنها پەیوەستی بە ئیجازەکەی ئێمەوە نیە، بەڵکو مافی یاسایی ئێوەیە. خاوەن کار وە دامەزرێنانی ئێوە   ئەرکیانە کە هەڵسوکەوتێکی گونجاوتان لە گەڵدا بکەن.

# ستانداردەکانی(پێوارەکانی) ئیجازەدان:

GLA پێوار وە ستانداردی حاڵومەرج وە بارودۆخێک رێدەخات کە دەبێت بێتە دی، بۆ ئەوەی شایانی ئیجازەی هەبێت.
**بەشەکانی ئەم لە خۆ گرتنە بریتین لە:**

- تەندوروستی وە تاقیکردنەوەی سەلامەتی
- بابەتی مووچە وە ماڵیات (Tax)
- بەرگیری کردن لە کاری زۆرە ملێ وە خراپ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کرێکاران
- شوێنی ژیان( شوێنی نیشتەجێ بون)
- حاڵو مەرج وە بارودۆخئ کار
- پارێزگاری و سەلامەتی
- دامەزراندنی کرێکاری نێو وە رێک خستنی پەیماننامەکان، گرێبەستی لاوەکی یان کەلک وەرگرتن لە سەرکرێکار وە کرێکاری جیاواز.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن داوای بەرگێک لە کتابی ستانداردەکانی ئیجازەی (گانگماسترزGangmasters) وەربگرن

# یارمەتی وە رێنمایی زیاتر

چەندین ریکخراو وە دامەزراوە هەیە کە دەتوانن بە وردی لە سەر ماف وە مووچەی دامەزراندنتان زایانیاری لێ وەربگرن وە راوێژیان لە گەڵدا بکەن.

## ئیدارەی راوێژکاری هاوولاتیان

راوێژکاری بێ لایان وە نهێنی لە  بواری هەر گرفتو کێشەیێک لە دامازراوەکانی بریتانیا.

**www.adviceguide.org.uk**

**Citizens Advice Bureau – England and Wales**
www.citizensadvice.org.uk
تەلەفون: +44 (0)20 7833 2181

**Citizens Advice Bureau – Northern Ireland**
www.citizensadvice.co.uk
تەلەفون: +44 (0) 289 023 1120

**Citizens Advice Bureau – Scotland**
www.cas.org.uk
تەلەفون: +44 (0) 131 550 1000

## (دایڕکت گەڤ Directgov)

زانیاری زۆر لە سەر ئیدارەکان وە دامەزراوە حکومیەکان لەم وبسایتە هەیە، بۆ ڕێنمایی لە سەر مووچەی حەق دەست، مۆڵەت خواستن، حقی پشۆدانی ساڵانە، ماوەی پشۆدان(ئیستراحەت)، پاراستن وە لەدەست دانی کار، سەر دانی (**www.direct.gov.uk**) بکەن.

## هێڵێ یارمەتی ماف وە موچەی کار

بۆ زانیاری وە راوێژ لەسەر لایانی کەمی حەق دەستی نەتەوەیی، لایانی کەمی حەق دەستی کشتوکال، کاتژمێری کار کردن وە ئاژانسەکانی کار و دامەزراندن. تەلەفون کردن بۆ ئیمە بە خۆراییە.

www.direct.gov.uk/paysandworkrights

تەلەفون: +44 (0) 800 917 2368

## یارمەتی وە راوێژکاری بە خۆرایی

دابین کردنی ڕێنمایی سەربەخۆ سەباراەت بە مافی کار وە جێ بەجێ کردنی موشکلاتی سەر کار

www.acas.org.uk

تەلەفون: +44 (0) 845 747 4747

## کۆنگرەی یەکیەتی کارو کاسبی

www.tuc.org.uk

تەلەفون: +44 (0)20 7636 4030

## پارێزگاری وه سه‌لامه‌تی له سه‌ر کاردا

بۆ رێنمایی زیاتر له لایانی ناوه‌ندی پارێزگاری وه سه‌لامه‌تی سه‌ردانی به‌رانبه‌ر بکه‌ن.

www.hse.gov.uk

ته‌له‌فون: +44 (0) 845 345 0055

## ژماره‌ی بیمه‌ی نه‌ته‌وه‌یی (National Insurance Number)

بۆ داواکردنی ژماره‌ی بیمه‌ی نه‌ته‌وه‌یی له گه‌ڵ ئیداره‌ی کار (JobCentre) په‌یوه‌ندی بگرن.

www.jobcentreplus.gov.uk

ته‌له‌فون: +44 (0) 845 600 0643

## به‌رگیرکه‌رانی تاوان وه به‌رگیری له تاوان

ئێوه ده‌توانن له هه‌ر کاتێکدا زانیاریتان له سه‌ر تاوانێک هه‌بو به بێ به‌رانبه‌ری له گه‌ڵ به‌رگیرکه‌ران له تاوان، په‌یوه‌ندی بگرن وه پێویست ناکات که ناوی خۆتان بلێن وه ته‌له‌فۆنه‌که‌تان کونترول ناکرێت.

www.crimestoppers-uk.org

ته‌له‌فون: +44 (0) 800 555 111

# پەیوەندی بکەن لەگەڵ ئێمە بەم ناونیشانە:

Gangmasters Licensing Authority

Gangmasters Licensing Authority
PO Box 10272 ■ Nottingham ■ NG2 9PB
www.gla.defra.gov.uk
email: enquiries@gla.gsi.gov.uk
تەلەفون: +44 (0)845 602 5020

FREEPHONE
**PAY & WORK RIGHTS HELPLINE**
**0800 917 2368**
**Direct.gov.uk/payandworkrights**

workers rights leaflet/09.12/kurdish